# دوو شێوە کاتژمێر لە خزمەت تەندروستیدا

لەم چەند ساڵەی دواییدا هیچ لایەنێکی ژیان بە قەد هەند وەرگرتن و گرنگی پێدان لەلایەن بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێوە گرنگی پێنەدراوە. هەوڵێکی زۆر دراوە ئامرازەکانی تایبەت بە تاقیگە و کاروباری تەندروستی لە نەخۆشخانەکانەوە بەرەو ماڵەکان بگوازنەوە و بەکارهێنەر خۆی بەبێ یارمەتی پزیشك و کەسانی شارەزا لە ماڵەوە یان لە هەر شوێنێك بتوانی زانیاری سەبارەت بەخۆی و تەندروستی خۆی بزانێ، یان بتوانێ بە هۆی ئامێرێك چارەسەری نەخۆشی و ناساغی خۆی بکات..

لە پێشانگای CESی ئەمساڵدا تەکنەلۆژیای تایبەت بە تەندروستی جێگایەکی زۆری گرتبوو، زۆربەی کۆمپانیاکانی ئەم بوارە بەرهەمێك یان دوو بەرهەمیان لە بواری تەندروستی و چاودێری سەلامەتی خستبۆ روو. لێرەدا ئاماژە بە دوو شێوەکاتژمێر دەکەین کە لەو پێشانگایە نیشاندران.




**ئامێری TOUCHPOINT BASIC بۆ کەمکردنەوەی سترێس و نیگەرانی:** سترێس نەخۆشییەکی بێ ژان و ئازارە، بەڵام ژان و ئازارە رۆحییەکانی لە هەموو نەخۆشیەك زیاترن، نەخۆش لە ناخەوە دەڕوخێت بێ ئەوەی هەست پێبکات و لە کۆتایشدا تووشی زۆر نەخۆشی جەستەیی و رۆحی بکات. ئامێری TOUCHPOINT BASIC وەك کاتژمێر دەچێت، ئەو کاتەی کە هەستی بەوە کرد بەکارهێنەرەکەی تووشی نارەحەتی و سترێس دەبێت، دەست بە لەرین دەکات و بەو لەرینە لە ماوەی تەنیا نیو خولەکدا سترێسەکە کەم دەکاتەوە و لێدانی دڵ ئارام دەکاتەوە و تێکچوونی گەدە ناهێڵێ.



**کاتژمێری OMRON HEARTGUID:** ئەم کاتژمێرە تایبەتە بە پێوانی زەختی خوێن، زەختی خوێن نەخۆشییەکی درێژمەودایە، تووشبوو بەو نەخۆشییە دەبێت بەردەوام ئاگاداری خۆی بێت و رۆژانە زەختی خۆی بپێوێ، ئامێرەکانی زەختی خوێن زۆرن و بەکارهێنانیان ئاسانە، بەڵام کاتژمێرێك لە دەستت دابێ و بەردەوام زەختی بەکارهێنەرەکەی بگرێت ئەوە شتێکی دیکەیە، کاتژمێرەکە بەردەوام زەخت دەگرێ و تەنانەت شەوانەش، دواتر لێکدانەوەی مانگانەی هەیە بۆ نەخۆشیەکە و داتاکان بۆ مۆبایل بەرێ دەکات و پزیشکی تایبەت دەتوانێت پشت بەو زانیاریانە ببەستێ.

# رۆبۆتێک بزە دەخاتە سەر لێوان



جیهانی رۆبۆتەکان لە CESی ئەمساڵدا بەشێکی زۆری پیشانگاکەی بۆ تەرخان کرابوو، کۆمپانیاکانی بەرهەمی تەکنەلۆژیای نوێ هەوڵەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی رۆبۆتی نوێ چڕکردۆتەوە، کۆمپانیای Groove X رۆبۆتێکی رەزاسووکی بەناوی lovot بەرهەم هێناوە، ئەرکی رۆبۆتەکە بە جوڵە سەیرەکانی بزە بخاتە سەرلێوان!

رۆبۆتەکە وەك منداڵێکی پێنج ساڵانە لە ماڵدا دەجوڵێتەوە، بزۆزی و هەڵسوکەوتەکانی وەك منداڵان دەچێت، بەکارهێنەر دەتوانێت لە ئامێزی بکات و بیلاوێنێتەوە تا خەوی لێدەکەوێت. بەهۆی هەستەوەرە بچووکەکان هەست بە لاواندنەوە و دەست بەسەرداهێنان دەکا، سەرەوەی رۆبۆتەکە کامێرایەکی لەسەرە، هەم بۆ فیلم هەڵگرتنەوە و هەم بۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ دەوروبەری. رۆبۆتەکە زیاتر بۆ ئەو کەسانەیە کە بە تەنیا دەژین.



# تەلەڤزیۆنی لوولەیی ئێل جی

تەلەڤزیۆن لەم سەردەمەدا هەر ئەو شاشە مەزن و بچووکانە نین کە فیلم و دیمەنەکان بگوازنەوە، تەلەڤزیۆنەکان هۆشمەندن، لەگەڵ هێڵی ئینتەرنێت لە پەیوەندی دان، تەلەڤزیۆنە قورس و زەبەلاح و کلاسیکیەکان بوون بە مێژوو. شێوازی نیشاندانی و کوالیتی تەلەڤزیۆنەکانیش گۆڕانی بەسەرداهاتووە، باوی تەلەڤزیۆنە تەختەکانیش بەسەرچوو، سەردەمی تەلەڤزیۆنە چەماوییەکانە. بڕیار وایە ئەمساڵ کۆمپانیای LG تەلەڤزیۆنێك بخاتە بازاڕ کە جیاوازە لە هەموو ئەوانە و بەڵکو وەك لوولەکێك وایە و کۆدەبێتەوە.

کوالیتی نیشاندان لەو تەلەڤزیۆنەدا OLED 4Kە. قەبارەی تەلەڤزیۆنەکە ٦٤ ئینجە و سپیکەرەکانی ١٠٠ واتی داڵبییە. تەلەڤزیۆنەکە شوێنێکی کەم دەگرێت چونکە هەرکاتێك بەکاری نەهێنی دەکرێت بە کۆنترۆڵ کۆی بکەیەوە و ببێتە لوولەیەك و بە دە چرکەش ببێتەوە بە تەلەڤزیۆن. خاڵی سەرنج ڕاکێش لە تیڤیەکەدا ئەوەیە دەکرێت شاشەکە چەندی نیازت هەبێ بیکەیەوە، تایبەتمەندی Line Mode تێدایە واتە دەکرێت یەك چوارەمی تیڤیەکە بکرێتەوە و ئەوکات وەك کاتژمێرێك و ئامێرێکی موسیقی سوودی لێوەربگری. تایبەتمەندی نیشاندانی وێنەی لەسەرخۆ وەك نیشاندانی دیمەنێکی سروشتی تێدایە کە بەکارهێنەر هەست پێدەکا ئەوە تابلۆیەکی هونەرییە.






# ئەمساڵ شاشە نەرمەکان دەکەونە بازاڕ

کۆمپانیای سامسۆنگ بڕیاری داوە لەمساڵدا مۆبایلی شاشە چەماوە، یان بە واتایەکی دیکە ئەو شاشەیەی وەك کاغەز نەرمە و دەنووشتێتەوە دەخاتە بازاڕ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیاکانی دیکەش هەوڵی لەمبارەیان داوە.

کۆمپانیای BOE دەیەوێت دەستپێشخەری بکات و بەر لە سامسۆنگ بەرهەمە نوێیەکەی کە بریتییە لە شاشەیەکی نەرم بخاتە بازاڕ. شاشە نوێیەکەی BOE هەتا یەك میلم دەنووشتێتەوە، ڕووناکییەکی زۆر باشی هەیە و سیستەمی NTSC تێدایە، لە ماوەی کەمتر لە یەك میلی چرکەدا وەڵام دەداتەوە، کوالیتی نیشاندانی سەرووی فوول ئیچ دییە.

جیاوازی نێوان ئەوەی سامسۆنگ و شاشەکەی BOE لەوەدایە کە ئەوەی سامسۆنگە مۆبایلێکە دەکرێت بنووشتێتەوە، بەڵام ئەوەیان شاشەیەکە دەکرێت لە ئامێری دیکە پەیوەند بدرێت. شاشەی ناوبراو، بارستاییەکەی ٠,٦٦ ملمە. دەکرێت هەتا سەد هەزار جار بنووشتێتەوە و گرفتێکی بۆ نەیەتە پێش.




# کاتژمێرێک لە گەرمای دەست وزە وەردەگرێ

کاتژمێرە زیرەکەکان گۆڕانێکی نوێ بوو لە جیهانی کاتژمێردا کە مێژووی بەرهەمهێنانی یەکەم کاتژمێر بۆ هەزار ساڵ زیاتریش دەگەڕێتەوە. کاتژمێرە کلاسیکیەکان پێویستیان بە قورمیش کردن بوو، دواتر بە باتری کاریان دەکرد و لەم دواییەدا کاتژمێری زیرەك کە ئەرکەکانی بەرفراوانترن لە کاتژمێرێکی ئاسایی بۆ کارکردن پێویستیان بە شەحنکردنەوەیە. کاتژمێری جۆری PowerWatch 2 بۆ کارکردن وزەی ناوێت و وزەکەی خۆی لە گەرمای دەستی بەکارهێنەرەکەی وەردەگرێت.

شاشەی کاتژمێرەکە ١,٢ ئینجە و ڕەنگییە، وزەی خۆی لەگەرمی وەردەگرێت، جا چ گەرمی دەستی بەکارهێنەرەکەی بێت یان تینی خۆر. زۆربەی تایبەتمەندییەکانی کاتژمێرێکی هۆشمەندی تێدایە، وەك GPS و هەستەوەری تایبەت بە چالاکی بەکارهێنەرەکەی. بۆ کاتژمێرێك کە وزەکەی خۆی لە گەرمای خۆر و دەستی بەکارهێنەرەکەی وەربگرێ، نابێ چاوەڕوانییەکی زۆریشی لێکبرێت، هیچ پرۆگرامێك، جگە لە پرۆگرامەکانی خۆی وەرناگرێت، ناکرێت پەیوەندی پێوە بکرێت و کارکردەکانیشی سنووردارن، بەڵام لە قوڵایی دەریاشدا دەکرێت مەلەی پێبکرێت و کێشەی بۆ نایەتە پێش و بەردەوام لێدانی دڵی بەکارهێنەرەکەشی نیشان دەدات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چ ڕێگایەك هەیە بۆ ئەوەی ئەو فۆلدەرە و فایلانەی لەناو کۆمپیوتەرەکەمدایە بیانشارمەوە و بەجۆرێك کەس هەستیان پێنەکات و نەیاندۆزێتەوە؟

خوێنەری بەڕێز شاردنەوەی فایل و فۆلدەرەکان هەم بەبێ پرۆگرام و هەم بە پرۆگرامیش دەکرێت، بۆ ئەوەی کە بەبێ پرۆگرام ئەنجامی بدەی تارادەیەك بۆ کەسانی تازەکار سەختە، بەڵام ئەگەر بتەوێ بە ئاسانی و بەبێ کێشە فایل و فۆلدەرەکانت بشاریەوە، ئەوە پرۆگرامی Lock & Hide Folder دابەزێنە، پرۆگرامەکە هەروەك لەناوەکەی را دیارە بەکارهێنانی ئاسانە و تایبەتە بە قفڵ و شاردنەوەی فۆلدەرەکان، دەتوانی خودی پرۆگرامەکەش بشاریەوە و تەنیا بە داگرتنی ئەو دوگمەی تایبەتیانەی کە خۆت بۆت دیاری کردوون بکرێتەوە..

# سابوونی پاک کردنەوەی مۆبایل

مۆبایل، پارە، ماوس و کیبۆردی کۆمپیوتەر، ئەوانە و هەر شتێکی دیکە کە زۆر لەبەردەستدابێ و دەستاودەست بکات، بەهۆی ئارەقەوە و دەستتێوەردانەوە بەکتریای دەگرێت، بەتایبەت مۆبایل کە شوێنی هەمووی ئەوانەی گرتۆتەوە، لە توێژینەوەیەکدا هاتووە، مۆبایلێك زیاتر لە ئاودەستی غەربی بەکتریا لەخۆی هەڵدەگرێت، بۆ چارەسەری ئەمە ئامێرێکی بچووك کە زیاتر وەك کەڤەری چاویلکە دەبێت بەرهەم هاتووە کە بە سوود وەرگرتن لە تیشکی UV هەرچی بەکتریاییە دەیسڕێتەوە و مۆبایلەکە خاوێن دەکاتەوە.

ئامێرەکە بە سابوونی مۆبایل ناسراوە، بەڵام مۆبایل ناشوات و تیشکی UVی لێدەدات، کاتێك مۆبایلەکەی دەخرێتەوە ناوی باکترییەکان لەناو دەچێت و پاش دە خولەك مۆبایلەکە خاوێن دەبێتەوە.



# هاردی ئەڵماسی بە قەوارەی ٥ ترابایت



تـا زانیـاری و داتـاكان زیاتر بن بۆ هەڵگرتـن و داكردنیـان پێویسـتی بە ئامێری قەوارە گەورەتر و بەهێزترە، لەگەڵ ئەوەشـدا دەبێت لە هەڵگرتنـدا بـە ئاسـانی بەكار بێت، هارددیسـك و فلاش میمۆری بۆ هەڵگرتنی داتاكان لە ریزی پێشەوە دێن.

سـەردەمێك باشـترین میمۆرییـەكان نەدەگەیشـتنە گیگابایتێـك و باشـترین هاردەكانیـش نەدەگەیشـتنە ترابایـت. ئێسـتا هـاردی بـە قـەوارەی ٢٠ تراباياتیـش بەرهـەم هاتـووە.. كۆمپانیـای لێسـی (lacie) هاردێكی دەركـی بـە قەوارەی ٥ ترابایت لە پێشـانگای سـاڵانەی CESدا خسـتەڕوو، هاردێـك لـە بواری دیزاینەوە سـەرنج راكێش لە قەوارەی هەڵگرتنی داتاكانیشدا گەورە..

هاردەكـە لـە دیزانیدا لە شـێوەی ئەڵماسـێكی درەوشـاوە دەچێـت و كاتێـك لە پەنای لاپتۆپ دادەنرێ سـەرنجی بەكارهێنەر بـۆ لای خـۆی رادەكێشـێ. هاردەكـە لەگـەڵ هـەردوو سیستەمی ماك و ویندۆز دەگونجێت.

هاردی ناوبراو جگە لە دیزاینەكەی خێراییەكی باشی هەیە و بەرگەی كەش و هەوای گەرم سارد دەگرێت و بـە تەڕبـوون تێكناچێت، تۆز و خـۆڵ بەخۆیەوە ناگرێت. دیـارە قـەوارەی ٢ ترابایتیشـی هەیـە و لەگەڵ ئەوەشـدا SSDی دوو ترابایتیـش كـە خێرایـی خوێندنەوەیـان ٥٤٠ میگا لە چركەیەكدایە لەگەڵ ئەم هاردەدا لە پێشانگاكە نیشاندران..



## ماڵپەڕێک بۆ شاردنەوەی دەق لە ناو وێنەدا

ئەگـەر نیـازت هەیـە دەقێكـی گرنـگ، یـان كۆدە نهێنـی و هەژمارە بانكییەكانت، یـان ئـەو زانیارییانـەی لـەلای خـۆت بـە گرنـگ و نهێنیـان دەزانـی لەسـەر كۆمپیوتەرەكـەت بشـاردرێنەوە و ئەگـەر كەسـانی دیكـەش كۆمپیوتەرەكەیـان پشـكنی نەیدۆزنـەوە، ئـەوە باشـترین رێـگا ئەوەیـە لەنـاو وێنەیەكدا بیان شـاریەوە، واتە هەركەسـێك سـەیری بـكات تەنیا وێنەیـەك ببینـی.. دیـارە ئـەم كارە بـە پرۆگرامیـش دەكرێـت و ماڵپـەڕی تایبەتیـش ئـەم كارە ئەنجام دەدات، بـۆ ئەنجامی ئەمە سـەر لـە ماڵپەڕی stylesuxx.github.io/steg-anography بـدە. بـۆ ئەم مەبەسـتە لەسـەرەتادا ئـەو وێنـەی مەبەسـتە دایبنـێ، پاشـان دەقەكـەت بنووسـە، دواتـر دوگمـەی Encode لێبـدە و وێنەكـە دابەزێنـەوە سـەر كۆمپیوتـەر. بۆ سـەیركردنی دەقەكەش كلیك لەسـەر دوگمـەی Decode دابگرە و دەقەكە دەبیندرێ.

## پرۆگرامێک بۆ گەڕاندنەوە و نیشاندانی پاسۆردەکان

پاسـۆرد یـان هەژمـاری چوونـە ژوور و كـۆدی نهێنـی وەك كلیلی كردنـەوەی دەرگاكان و پاراسـتنی داتـا و بابەتـە شەخسییەكانە. كـەم كـەس هەیـە رۆژانـە بـۆ كردنـەوەی ئیمێـل، تـۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی وەك فەیسـبوك، هەژمارە بانكییەكانی، كردنەوەی ماڵپەڕە تایبەتییەكان و ..تاد، پێویسـتی بە كۆدی نهێنی نەبێت. هەڵگرتن و پاراسـتن و لەبیرنەچوونەوەی پاسـۆردەكان دژوار نییە، بـەڵام كـەم كـەس بـە هەنـدێ دەگرێ و بۆیە لـە دواییدا كە كێشـەیەك هاتە پێش هەرچەندە زەینی دێنێ و دەیبا پاسـۆردەكەی نایەتەوە بیر.. بۆ چارەسـەری گێڕانەوەی پاسـۆرد و نیشـاندانی پاسۆردە تۆماركـراوەكان پرۆگـرام و ماڵپـەڕی تایبـەت هەیـە، یەكێك لـە پرۆگرامەكان پرۆگرامـی Nsasoft Spotauditor ، ئەم پرۆگرامە بە ئاسـانی هەر پاسـۆردێك كە لە كۆمپیوتەرەكەتدا خەزن بووە، وەك پاسۆردی ویندۆز، ئێمێل، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانی فەیسبوك و تویتەر و ئینسـتاگرام و... دەهێنێتـەوە و نیشـانی دەدات. جگـە لـەو كارە پرۆگرامەكـە هەمـوو ئـەو ماڵپەڕانەی سـەیركراون، یان ئـەو پرۆگرامانەی لەسـەر كۆمپیوتەر داندراون دەتوانی بیانسڕێتەوە و هەروەها سڕینەوەی فایلە كاتییەكان و ناونیشانی سایتەكانیش پرۆگرامی ئاماژە بۆ كراو ئەنجامی دەدات..

